ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-4-2007 14:34

بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران - 9 /1/2 2707

## خۆکوژی لە پێناو مایک (میکرۆفۆن) دا: ... ح. س. سۆران

بە ناشکوری بێ، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی کوردەواری، مەگەر لە هێندێکی تایبەت شین یا پرسە و سەرەخۆشی دا، دەرفەتی ئەوەمان پێ بدەن، کۆڕ بگرین و کۆبینەوە، وەک مەرگەساتی هەڵەبجە، سەردەشت و شتی وا. دەنا زۆر عەستەمە بتوانین، کۆڕی چەژنی نەورۆز یا شتی خۆشمان ببێ - بۆ وێنە ئەمساڵ لە پێکهاتنی کوڕی جەژنی نەورۆز لە شاری بۆکان، بەرگری کرا و...،

وەک شتێک چەرخ و فەلەکی چەپ گەردی زەمان، هەر بۆ گریان و شیوەنی خولقاندووین؟. تەناتەت جاری واش هەیە لە باشووری کوردستان، لە کۆڕی وا دا بەشداری دەکەین، کە ئەویش زۆر جار هەر کۆڕی شین و ماتەمە، بۆ وێنە فێستیڤاڵی شەستەمین ساڵەوگەڕی لە شیدارەدانی پێشەو ا قازی محەممەد و هاوالانی، کە بە چاودێری و لە سەر ئەرکی سەرۆکی خۆشەویستی کوردستان و هەوڵ و تێکوشانی ماموەستا فەلەکەدی کاکەیی، وەزیری رۆشنبیری، لە رۆژی 6 و 7 ی مانگی خاکەلێوە دا، لە هەولێر پێک هات و خەڵکێکی فرەش، لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەشداریان کردبو. دەستی بەرپرسان خۆش بێ و کوردستان هەر ئاوەدان بێ. هەتا بڵێی رێزیان لێ گرتین و میواندرایان کرد.

بەڵام دەلێن قسە، قسە دەهێنێ: نازانم بۆ ناوی ئەم کۆبوونەوەیان نابو " فێستیڤاڵ "؟. چون بە زمانی فەرەنگی " فێستیڤاڵ " بە شایی و جەژن دەڵێن، نەک بە شین و چەمەر!!!!.

هەرچۆن بێ، با لە پەراوێز دەرچم و بێمە سەر خودی باسەکە، کە بریەتیە لە خۆکوژی بۆ بەدەستەوە گرتنی مایک (میکرۆفۆن)، دیمانە و قسە کردن لە کوڕەکان دا. زۆر جار وای لێ دێ، کۆڕەکان دەبنە رینگی بۆکس. بۆ ئەوەی رۆشن قیرێک (نەک رۆشنبیر)، بتوانێ چەند خولەک قسە بکا، هەزار چەشن پارتی بازی، خۆمالێ خۆمالێ و رقەبەرێ ساز دەکا وای لێ دێ ئەسڵی مەبەستەکە، کە کۆڕی بۆ گیرراوە لە بیر دەچێ و دەبێتە رێکلام بۆ ناساندنی خۆ و خۆ هەڵکێشان و ئەزم ئەزم - هەڵدەبەزم.

لەدەوری سەرتان گەڕێم! ئەوە گرنگ نیە قسە بکەین یا نەیکەن، ئەگەر خودای نەکردە قسەی ناباش بکەین، هەر نەیکەین باشترە. ئەگەر کەسێکی دیکە سەبارەت بە شتێک باشتر قسە دەکا، با ئەو قسە بکا. گرنگ ئەوە نیە کێ قسە دەکا و مایکی بەدەستەوەیە، گرنگ ئەوەیە چی دەوترێ.

بە قوربانی چاوە گەشەکانتان بم، بێڵن بە تاڵووکە ڵیتانیان بوێ قسە بکەن، نەک خودای نەخواستە بیکەنە رقەبەرێ و پاڵەپەستێ. مرۆڤ بە قسە کردنی نێو بەتاڵ و بەدەستەو گرتنی مایک، گەورە نابێ، مرۆڤ بە هەڵوێست و کردەوە گەورە دەبێ. هەڵوێست و کردەوە، بەرزترین و مەزنترین مایکی جیهانە. بیلامانێ، هەزارقسەی پووج و بۆش بکەین، هەر خۆمانی پێ سووک دەبین، بەرەی ئەمرۆ زۆر تێگەیشتون، هەمو کەس باش دەناسن و گشت شتێک لە ژێر میکرۆسکۆپدا، بە وردی دەبینن.

تێبیبینێ: ئەم بۆ جوونە شتێکی گشتیە بۆ تێ رامانی هەموان و بە مسقاڵ مەبەستم لە هیچ کەسێکی تایبەت نیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.